# ڕۆڵی ڕاگەیاندنی نوێ لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاسایشی نەتەوەیی لە جەنگی دژی داعش لە هەرێمی کوردستاندا

**عبدالخالق ابراهيم مصطفى**
بەشی ڕاگەیاندن، پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ئیمەیڵ: abdulkhaliq.mstaffa@epu.edu.iq

**ڕەزوان علی خضر**
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ئیمەیڵ:Radwan-ali@su.edu.iq

**پوختە:**
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان لە هەرێمی کوردستان لە پێدانی زانیاری و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە جەنگی دژی داعش، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەواڵی هەریەک لە پێگەی خەندان و (K24) لە ڕوومالّکردنییان بۆ جەنگەکە، توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان لە کوردستان لەکاتی جەنگەکەدا گرنگییان بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاسایشی نەتەوەیی داوە و زۆرترین هەواڵ و زانیاریشیان لەبارەی ڕەهەندی ئاسایش و سەربازی بڵاوکردۆتەوە.

**کلیلە وشەکان:** ڕاگەیاندنی نوێ، جەماوەر ، ئاسایشی نەتەوەیی، داعش.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## پێشەکی:

ئەو جەنگ و قەیرانانەی لە چەند ساڵی رابردوودا روبەڕوی هەرێمی کوردستان بۆوە، وامان لێدەکەن جارێکی دیکە بیر لەو رۆل و بەرپرسیاریەتەی راگەیاندن بکەینەوە کە لەپێناویدا دروستبووە لە پەیوەندیی و ئەرکی بەرامبەر بە کۆمەڵگە و هەروەها ئەو رۆڵە تازەیەی راگەیاندنی نوێ دەیبینێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، بەجۆرێک ناکرێ ئەو ڕۆڵە میحوەریەی زانیاریی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن نادیدە بگیرێ لەنێو کۆمەڵگەدا، هەرچەند هێزی سەربازی و ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی دەوڵەتهکان لە ئاستێکی بەرزیشدا بێت.

مافی هەر دەوڵەتێکە لە بەرامبەر پڕوپاگەندە و زانیاری ناڕاستدا پارێزگاری لەخۆی بکات، بەوپێیەی کاریگەریی مەترسیداریی هەیە لەسەر یەکڕیزی ناوەخۆ و ورەی سوپا و ئایندەی ئەو دەوڵەتە، لە ئێستادا، ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتێک بە تەنها لە ڕەهەندە سەربازییە کلاسیکییەکە کورتنابێتەوە، بەڵکو چەندین رەهەندی دیکە لەخۆیدەگرێت، کە بەشێوەیەکی سەرەکی رەهەندی ئاسایش، سیاسی، ئابوری و مرۆییش دەگرێتەوە، هەروەک ئەو هەڕەشە و مەترسیەکی ناراستەوخۆش دەگرێتەوە کە هیچی کەمتر نیە لە هێرشی سەربازی راستەوخۆ، کە دەتوانێت درز و کەلێن بخاتە نێو بونیادی کۆمولگەوە، لەبەرئەوە دەکرێ بڵێین چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی چەمکێکی بە کۆمەڵە، بە واتای، هەموو کایە و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە (بەڕاگەیاندنیشەوە)، لەسەریەتی کار بۆ پاراستن و بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت بکات لەسایەی کرانەوەی سنور و ئاسمانەکان و کەمبونەوەی توانای دەوڵەت لە کۆنترۆلکردنی جوڵە و ئاڵوگۆڕی زانیاری.

لەم توێژینەوەیە لەو رۆڵ و کاریگەرییەی راگەیاندنی نوێ دەکۆڵینەوە لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاسایشی نەتەوەیی لە جەنگی دژی داعش لە هەرێمی کوردستاندا.

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە سێ بەش، ئەوانیش: بەشی یەکەم: لایەنی میتۆدیی توێژینەوە، بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوە، بەشی سێیەم: لایەنی شیکاریی توێژینەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# بەشی یەکەم: لایەنی میتۆدی توێژینەوە

## باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

ڕاگەیاندنی نوێ بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە زۆرانەی هەیەتی لە فرەوانی، خێرایی بڵاوکردنەوەی زانیاری و گەیشتن بە ژمارەیەکی زۆر و هەمەڕەنگی جەماوەر لە هەموو سوچ و قوژبنێکی دونیا، بەهۆی بوونی ڕەگەزی زۆر، ناوەڕۆکی دەوڵەمەند و شێوەی سەرنجڕاکێشی؛ بۆتە ئامرازێکی گرنگ و مەترسیدار – لە یەک کاتدا – بۆ بونیاتنان و وێرانکاری، بۆتە ئامرازێکی ترسناک بەدەست گروپە تیرۆریستیەکان بۆ بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەویی، کۆکردنەوەی ئەندام و لایەنگری زیاتر لە سەرتاسەری جیهان و دواجاریش بەکارهێنانی وەک کەرەستەیەک لە کەرەستەکانی جەنگی دەروونی لەبەرامبەر دوژمنەکانیاندا، لەهەمانکاتدا دەکرێ وەک ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و بەهێزکردنی بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرپەرچدانەوەی پڕوپاگەندەی تیرۆریستان سوودی لێوەربگیرێت.

لەو ڕوانگەیەوە کیشەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە لێکۆلینەوە لە پەیوەندی نێوان توانای ئامرازەکانی راگەیاندنی نوێ لە هەرێمی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی زانیاری ورد و دروست سەبارەت بە جەنگی دژی داعش و ڕادەی پشتبەستنی جەماوەر بەو زانیاریانە و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی هۆشیارییان لەبارەی پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە جەنگی دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش).

### دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە بەهای ئەو بابەتەدایە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت لە زانینی ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندنی نوێ لە قۆناغێکی زۆر هەستیار و گرنگ کە بریتیە لە جەنگی دژ بە داعش، لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لەپێناو هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بەو هەڕەشەیەی ڕووبەڕووی بۆتەوە و چۆنیەتی شکستپێهێنان و سەرکەوتن بەسەریدا، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ڕاستیە لەبەرچاوبگرین کە تیرۆریستان بەگشتی و داعش بەتایبەتی ڕاگەیاندنی نوێ وەک کەرەستەیەکی سەرەکی بەکاردەهێنن لە زۆرێک لە چالاکیە جۆراوجۆرەکانیاندا.

هەروەک گەورەبوونی قەبارەی مەترسییەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، وایکرد لە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمیەکانی زۆریک لە وڵاتان گرنگییەکی زیاتر بدرێت بە لیکۆلینەوەی پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندن و تیرۆر.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

1- دەستنیشانکردنی بایەخپێدانی هەرەلەپێشی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نوێ لە هەرێمی کوردستان بە ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە جەنگی دژی داعشدا.
2- دەستنیشانکردنی ڕادەی کارایی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نوێ لە وەڵامدانەوەی پڕوپاگەندەکانی داعش دژ بە هەرێمی کوردستان.
3- دەستنیشانکردنی ئاڕاستەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نوێ لە ڕووماڵکردنی جەنگی دژ بە داعش.
4- دەستنیشانکردنی ئەو سەرچاوانەی بەکارهاتوون لە ڕاگەیاندنی نوێ لە ڕووماڵکردنی جەنگی دژ بە داعش.
5- دیاریکردنی ڕادەی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی مەلتیمیدیا و کارلێک و بەشداریکردنی وەرگر لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نوێ لە هەرێمی کوردستان.

## چوارەم: پرسیارەکانی توێژینەوە: پرسیارەکانی توێژینەوە

1- گرنگترین ئەو ڕەهەندانەی ئاسایشی نەتەوەیی چین ڕاگەیاندنی نوێ لە هەرێمی کوردستان تیشکی خستۆتە سەریان لە جەنگی دژ بە داعشدا؟
2- ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نوێ چۆن بەرەنگاری پڕوپاگەندەی داعش بونەتەوە لە دژی هەرێمی کوردستان؟
3- ڕاگەیاندنی نوێ لە هەرێمی کوردستان بە چ ئاڕاستەیەک ڕووماڵی جەنگی دژ بە داعشی کردووە؟
4- تا چ ڕادەیەک ڕاگەیاندنی نوێ لە هەرێمی کوردستان ڕەگەزەکانی مەلتیمیدیا و کارلێک و بەشداریکردنی بەکارهێناوە لە رووماڵی جەنگی دژ بە داعشدا؟
5- ئەو سەرچاوانە چین ڕاگەیاندنی نوێ لە هەرێمی کوردستان پشتی پێبەستوون لە ڕووماڵی جەنگی دژ بە داعشدا؟

## پێنجەم: میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهاتوە بۆ شیکردنەوەی چەندێتی ناوەڕۆکی هەواڵیی پێگەی ئەایکترۆنی خەندان و کوردستان24 لە رووماڵکردنیان بۆ جەنگی دژی داعش.

## شەشەم: کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە بریتیە لە سەرجەم ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنی نوێ لە هەرێمی کوردستان، بە پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکانیشەوە، بەوپێیەی پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام هەواڵ و زانیاری تایبەت بە جەنگی دژ بە داعشیان پێشکەش دەکرد و سەرچاوەیەکی گرنگ بوون لە سەرچاوەکانی راگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی زانیاری لەوبارەوە بە جەماوەر، لەبەرئەوە پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان دیاریکران بۆ لایەنی شیکردنەوەی ناوەڕۆک، لەنێویشیاندا دوو پێگەی ئەلیکترۆنی دەستنیشانکران بۆ ئەوەی ببن بە نمونەی توێژینەوە و نوێنەرایەتی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی دیکە بکەن، ئەوانیش پێگەی ئەلیکترۆنی خەندان لە پارێزگای سلێمانی و پێگەی ئەلیکترۆنی (K24) لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

پارێزگای هەولێر، کە دوو پێگەی ئەلیکترۆنیی هەواڵیین و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆریان بە ڕووماڵی جەنگی داعش داوە و لەنێو ئەو پێگە ئەلیکترۆنییانەن ژمارەی سەردانییان بەرزە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییانە وەک نمونەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک؛ لەوانە، ئەو پێگە ئەلیکترۆنییانە، پێگەی ئەلیکترۆنیی هەواڵیین و ژمارەیەکی زۆری پەیامنێریان هەیە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەک ڕۆژانە پانتاییەکی فرەوانیان تەرخان کردبوو بۆ ڕووماڵی جەنگی دژ بە داعش، جگە لەوەی ئەو پێگانە لە پێشەوەی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان دێن لەڕووی ژمارەی سەردانیکردنەوە، ئەو هەواڵانەی وەرگیراون لە 2016/7/1 تا 2016/12/31.

## حەفتەم: بوارەکانی توێژینەوە:

### ئەم توێژینەوەیە سێ بوار دەگرێتەخۆ:

1- بواری مرۆیی: سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەگرێتەوە کە جەماوەری ئامرازێک لە ئامرازەکانی راگەیاندنی نوێن.

2- بواری کاتی: لەماوەی نێوان (2016/7/1 تاوەکو 2016/12/31) کە بریتیە لەو ماوەیەی توێژەر وەریگرتوە لە رووماڵی پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ جەنگی دژ بە داعش.

3- بواری شوێن: بابەتی توێژینەوە پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان، ئەو پێگە ئەلیکترۆنیانەش کە شیکردنەوەی ناوەڕۆکیان بۆ کراوە لە هەرێمیکوردستان کاردەکەن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## باسی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

### یەکەم: توێژینەوە کوردییەکان:

توێژینەوەی (صادق حەمەغەریب حەمەصالح، 2017): بەناونیشانی "ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردی لە بەڕێوەبردنی قەیرانە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا- توێژینەوەیەکی رووپێوییە لەماوەی نێوان (2011/1/1 – 2015/12/31)"2017.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دیاریکردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی کۆدەنگی سیاسیی و جەماوەری بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانەکان و چارەسەرکردنیان. توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفیە و میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە لەڕێگەی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەسەر (200) کەس لە شارەزایانی بواری سیاسەت و ڕاگەیاندن). گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتوە ئەوەیە ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی فرەوان زمانحاڵی حیزبە خولقێنەرەکانی قەیرانە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بووە و لە بەڕێوەبردنی قەیرانە سیاسییەکاندا ئەجێندای حیزبی جێبەجێ کردووە.

1- توێژینەوەی کاروان محمد صابر بە ناونیشانی "ڕۆڵی ڕۆژنامە لە چەسپاندنی هزری ئاسایشی نەتەوەیی "، 2017.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە تیشکخستنە سەر شوێنەوارە کەڵەکەبووەکانی ڕۆژنامە لەسەر هزری ئاسایشی نەتەوەییدا. توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفیە و میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە ، لەڕێگەی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەسەر سامپڵێک لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین کە (400) قوتابی بوون، بەشێوەی هەڕەمەکی سادە دیاریکرابوون. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتوە ئەوەیە زۆرینەی نمونەی توێژینەوە خوێنەری ڕۆژنامەکانن و متمانەیان بەو زانیاریانە هەیە ڕۆژنامە کوردییەکان سەبارەت بە ئاسایشی نەتەوەیی بڵاوی دەکەنەوە.

### دووەم: توێژینەوە عەرەبییەکان

- توێژینەوەی هاوکار یاسین شریف بە ناونیشانی "دور الصحف الكردية في تنمية الوعي الأمني لدى الجمهور"، 2015.
- توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفیە و میتۆدی ڕووپێوی ڕاگەیاندنی بەکارهێناوە، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ڕۆژنامە کوردیەکان لە گەشەپێدانی هۆشیاری ئاسایشیی لەلای جەماوەر..گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتوە ئەوەیە زۆرترین ئەو بابەتانەی ڕۆژنامە کوردیەکان گرنگییان پێداوە بابەتی (ئینتما) بوو، دواتر بابەتی (بەهێزکردنی ئاسایشی نیشتیمانی) بوو.
- توێژینەوەی سارا محسن قادر بە ناونیشانی "المعالجة الصحفية لقضية داعش في الصحافة الكردية و دورها في تشكيل اتجاهات الجمهور"، 2017.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

- توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفیە و میتۆدی ڕووپێوی ڕاگەیاندنی بەکارهێناوە، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دەستنیشانکردنی شێوازی ڕوومالّی ڕۆژنامە کوردییەکان بۆ پرسی داعش، لەو ئەنجامانەی پێیگەیشتوە بریتیە لەوەی ڕۆژنامە کوردیەکان تا رادەیەکی زۆر بەشداربوون لە ڕوومالّی پرسی داعش لەڕێگەی ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییانەی بلاّویاندەکردەوە بەگوێرەی ئەو سیاسەتە ڕاگەیاندنەی هەریەک لەو ڕۆژنامانە پەیڕەویان دەکرد.
-

## سێیەم: توێژینەوە ئینگلیزییەکان

توێژینەوەی ئەنتۆنیا سیپیرینگ بە ناونیشانی "ڕوومالّی میدیا بۆ ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی و تیرۆریزم لە جیهان"،2016.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە لێکۆڵینەوەیە لە شێوازی ڕوومالّکردن و وێناکردنی ئاژانسە هەواڵبە نێودەولّەتییەکان بۆ بابەتی داعش و تیرۆر، پرسیاری توێژینەوە بریتی بوو لەوەی، چۆن ئاژانسەکانی هەواڵ لە جیهان ڕووداوەکانی پەیوەست بە تیرۆر دەخەنەڕوو، لە توێژینەوەکە میتۆدی گوتارشیکاری رەخنەیی بەکارهاتووە، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتوە بریتیە لهوەی کلتور یاخود ئاراستەی سیاسی کاریگەری هەبووە بەسەر شێوازی ڕوومالّی ڕاگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵ بۆ پرسی داعش و تیرۆریزم.

- توێژینەوەی کریستۆفەر تۆد وودارد بە ناونیشانی "کەمەندکێشکردنی گەنجان بەرەو داعش لەڕێگەی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان و سۆشیال میدیاوە"،2017.
- ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دەستنیشانکردنی هۆکار و چۆنایەتی پەیوەندییکردنی گەنجان بە ڕێکخراوی داعش لە ئەمریکا و ولاّتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورپا، لەم توێژینەوەیە، شیکردنەوە کراوە بۆ کۆمەڵێک حالّەتی پەیوەندییکردنی گەنجان لە ئەمریکا و ئەورپا بە داعش، لەڕێگەی بەکارهێنانی شیکردنەوەی زانیارییەکان (data analysis)، پرسیاری سەرەکی توێژینەکە ئەوەیە چۆن تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیا لەلایەن داعشەوە بەکارهاتووە بۆ ناونوسکردنی ئەندامی نوێ، پارێزگاری و دروستکردنی هاوسۆزی لای ئەندامان، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە بریتیە لەوەی پاڵنەری ئاینی و مەزهەبی و نەخۆشی عەقلی لە هۆکارە کانی پەیوەندییکردنی ئەو گەنجانەن.

## باسی سێیەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم: ڕۆڵ:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە ڕۆڵ ئەو ئەرک و بەرپرسیاریەتیەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و کۆکردنەوە و بلاّوکردنەوەی ئەو زانیاریانەی دەبنە هۆی بەهێزکردنی ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان و بەرەنگاربونەوەی ئەو هەڕەشانەی لەسەریەتی لە جەنگی دژ بە داعش.

**دووەم: ڕاگەیاندنی نوێ:** لەم توێژینەوەیەدا ڕاگەیاندنی نوێ بریتیە لە هەموو شێوە و ناوەڕۆکێکی ئەلیکترۆنیی ڕاگەیاندن لەڕێگەی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن بلاّودەکرێنەوە و پەخش دەکرێن کە ناتوانرێ بخرێنە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

خانەی ئامرازە کۆنەکانی ڕاگەیاندنەوە، وەک، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و ڕۆژنامەی چاپکراو، بەهۆی پەرەسەندنی تەکنەلۆژییای بەرهەمهێنان و دابەشکردنی پەیامەکانی ڕاگەیاندن. هەروەک مەبەست لێی ئەو تێکەڵ بوونەیە لەنێوان تەکنەلۆژیای کۆن و نوێی پەیوەندییکردن لەگەڵ کۆمپیوتەر دروست بووە.

**سێیەم: هۆشیاری:** هەر شتێک لە ساتێکی دیاریکراودا درکی پێبکەین و لێی تێبگەین، ئەوا بەشێک لە هۆشیاریمان پێکدەهێنێت لەبارەی خۆمان و ڕووداوەکانی دەوروبەرمان و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین، لەبەرئەوە بە بۆچوونی شارەزایان، چەمکی هۆشیاری پەیوەندی هەم بە ناوەوەی مرۆڤ و هەمیش بە جیهانی دەرەوەی مرۆڤەوە هەیە. (Schneider, Velmans, 2008,18 –19)

**چوارەم: جەماوەر:** جەماوەری ڕاگەیاندن مەبەست لێی ئەو کەسانەن، لە شێوە و ئاستی جیاوازدا، ئامرازێکی ڕاگەیاندن بەکاردێنن و پێشوازی لە بەشێکی ناوەڕۆکەکەی دەکەن، دەشێ جەماوەر کۆمەڵێک خەڵک بن یان تاکەکەسێک بێت، لە کلتور، نەتەوە و ئایینی جیاواز بن، خاوەن خولیا و گرنگیپێدانی جیاواز بن. (Ross, Nightingale, 2003, p4)

**پێنجەم: ئاسایشی نەتەوەیی:** ئەم چەمکە لەم توێژینەوەیەدا بە مانای هەوڵی دەوڵەت و گروپە سیاسیەکان دێت بۆ پاراستنی بوونی خۆیی و گەرەنتیکردنی بەردەوامبوونی لەبەرامبەر هەموو ئەو هەڕەشانەی، مەترسی لەسەر بوونی دروستدەکەن"(مراد، 2017، ص24)

**شەشەم: داعش:** ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، پێشتر بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناودەبرا، کە بە شێوەیەکی بەرفرەوان کورتکراوەی (داعش)ی بۆ بەکاردێت، ڕێکخراوێکی چەکدارییە و هەڵگری بیری جیهادی سەلەفییە ، ئامانجی ئەندامەکانی بریتیە لە گێڕانەوەی دەوڵەتی خەلافەت و جێبەجێکردنی شەریعەت. (Wikipedia, 2018)

## بەشی دووەم: پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندنی نوێ و ئاسایشی نەتەوەیی

ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کاتی جەنگدا، تەنها بریتی نیە لە پیشاندانی ڕووداو و گۆڕانکاریەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، بەڵکو پێشکەشکردنی وێنەیەکی گشتگیری ڕەهەندەکانی سیاسەت و ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتەشە (Hussain, Sultan, 2008, 4)، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دوای جەنگی سارد گۆڕانێکی مەزنیان بەسەردا هات، کە بە جیهانگەرایی و پێشڤەچونی زانیاری دەناسرێتەوە، بەمەش ڕۆڵی ئەو ئامرازانە لە تەنها نووسین و دارشتنی نوێ و نووسینگەیەک گۆڕا بۆ پەیامێک کە بگاتە دەست تێکڕای خەڵکی دونیا بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مۆبایل، تەلەفزیۆنی کێبڵ و سەتەلایت و ئینتەرنێت. (Kaid, Holtz-Bacha, 2008, 496)

لە ئێستادا، مەوداکانی جەنگ و ئاسایش لە چوارچێوە کلاسیکیەکەی دەرچوە؛ دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد مانای جەنگ گۆڕانی بەسەردا هات و تەنها مانای ڕوبەڕوبونەوەی هێزی سەربازی نەدەگەیاند، یەڵکو کۆی نەتەوە بە لایەنی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ئابوری، زانستی، سیاسی و كۆمەڵایەتی بەشدارن لە كۆششكردن و بەرهەمهێنان لە تەواوی بوارەكانی ژیان، ئەم ئامانجەش دەكرێ بیخەینە سەر ئەرزی واقیع لەڕێگەی بڵاوكردنەوەی زانیاری و هەواڵەوە. (خلیفة، 2019، 180)

بەهۆی سروشتی ئەو ڕووداو و زانیاریانەی بڵاویدەكاتەوە، لەوانەیە ڕاگەیاندن كاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەبێت، زۆربەی كات هەڕەشەكان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی سروشتێكی ناسەربازیان هەیە و ڕاگەیاندنەكان زیاتر گرنگی بە هەڕەشە ناوەخۆییەكان دەدەن بۆ سەر دەوڵەت لەبری هەڕەشە دەرەكییەكان، سەرباری ئەمانەش، هێشتا گفتوگۆی هەمەلایەن دروست نەبووە لەبارەی بەرپرسیاریەتی ڕاگەیاندن لە بەرامبەر ئاسایشی نەتەوەییدا. (Klepka, 2019, 251)، ڕاگەیاندنی نوێ، بەهۆی نەبوونی یاسایەك بۆ ڕێكخستنی لە زۆرێك لە وڵاتاندا، بەرپرسیاریەتی ئەو ناوەڕۆكە لە ئەستۆناگرێت كە بڵاویدەكاتەوە، بەمەش دەبێە سەرچاوەیەكی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، لەگەڵ ئەوەش هەریەك لە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن و دامەزراوەكانی ئاسایش سەرگەرمی خۆگونجاندنن لەگەڵ ئەو گۆڕانكارییە گەورانەی تەكنەلۆژیا و ئەو مەیدانخوازییانەی لەگەڵ خۆیدا هێنای. (Kaid, Holtz-Bacha, 2008, 498)

دانیاڵ هێدریك (2000) هێز و هەژموونی دەوڵەت دەبەستێتەوە بە بە بوونی زانیاری و سیستەمێك بۆ كۆكردنەوە، پۆلێنكردن، هەڵگرتن، گەڕاندنەوەی زانیاری، دەكرێ هەڕەشە و مەیدانخوازیەكانی ڕاگەیاندنی نوێ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی لە چوار خاڵدا پوختبكەینەوە:

1- هەڕەشەكان بۆ سەر ئاسایش ە سەقامگیریی دەوڵەت: یەكێك لە فاكتەرەكانی مانەوە و سەقامگیری دەوڵەت كۆنترۆڵكردنی بڵاوبونەوەی زانیاریە، دەوڵەت بە ئاسانی دەتوانێت ئامرازە كۆنەكانی ڕاگەیاندن ناچار بكات بە پابەندبوون بە ئاڕاستە و سیاسەتەكانی لە بڵاوكردنەوەی زانیارییەكاندا، هەرچی ڕاگەیاندنی نوێیە، زەحمەتتر دەتوانرێ لەلایەن دەوڵەتەوە كۆنترۆڵ بكرێ، (Kirshner, 2006, 80)
2- ئەو هەڕەشانەی ڕوبەڕوی هاوسەنگی هێزی سەربازی كلاسیكی دەبێتەوە: واڵتەر ریستۆن (1992) دەڵێت "شۆڕشی زانیاری ئەو جیهانەی ئێمەی گۆڕیوە، بەجۆرێك زانست و تەكنەلۆژیا بوونەتە بزوێنەری سەرەكی مێژوو، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان و دەسەلاتی دەولەت"، ئەو وڵاتەی خاوەن زانیارییە، ناكەوێتە ئەو لایەنەی لەڕووی زانیارییەوە لەوانیتر هەژارترە، ئەم بۆشایی و ناهاوسەنگییە لە هێزی "زانیاری" سەردەكێشێت بۆ بۆشایی لە توانای سەربازیی نێوان دەوڵەتان، بۆ نمونە سوپای ئەمریكا باوەڕی وایە باڵادەستی سەربازی لە ئاییندەدا، پشت بە باڵادەستی زانیاری دەبەستێت.(Thayer, 2000, 53) ئەمەش لەگەڵ بۆچونی جۆن پێری بارلۆی پسپۆڕی بواری سایبەر یەكدەگرێتەوە كە دەڵێت ئەو شۆڕشەی زانیاری كە بەرەوپێشدەچێت و ناگەڕێتە دواوە، كاریگەری خۆی لەسەر هەموو بوارەكانی ژیان جێدێڵێت. (Cavelty, Mauer, Krishna-Hensil, 2007, 5))
3- هەڕەشەی بكەرە ناحكومییەكان Nonstate Actors: تەكنەلۆژیای زانیاری هاوسەنگی هێزی لە دەوڵەتەوە گۆڕیوە بۆ بكەرە ناحكومییەكان، ئەمەش ئەركی حكومەتەكانی قورستر كردوە لە پاراستنی هاووڵاتییەكانیان لە هەڕشەكان. كەمی تێچووی پەیوەندییكردن و پرۆسەكانی زانیاری و خێرایی و ئاسانی دەستڕاگەیشن پێی، هانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ڕێکخراوە بچوک و نامەرکەزی و ئەوانەشی بەنیادێکی بەڕێوەبردنی ڕوونی نیە، کە سود لەو تەکنەلۆژیایە وەربگرن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان وەک ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان. (Erbschloe, 2017, 50)

4- هەڕەشە بۆ سەر کارایی هەژموونی دەوڵەت: هارۆڵد ئینیس (2008) پێیوایە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نوێ سەربارى ئەوەی لەسەر هەردوو ئاستی شوێن و کات دەرفەت و دەسەڵاتێکی گەورە دەدات بە دەوڵەت بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی، لە هەمانکاتدا، سەرچاوەیەکی هەڕەشەشە بۆ کارایی قەڵەمڕەوی دەوڵەت بەتایبەتی لەهەندێ بواری تایبەت بە ئاڵوگۆڕی دارایی و سەرهەڵدانی دراوی ئەلیکترۆنی، بەوپێیەی دراو یەکێکە لە سیما و سەروەرییەکانی دەوڵەت.

ئەکانە بەشێکن لەو هەڕەشانەی تەکنەلۆژیای زانیاری دروستی دەکات لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەریی دەوڵەت، لە هەمانکاتیشدا، ڕاگەیاندنی نوێ بە هەموو ئامرازەکانیەوە کەرەستەیەکی کارا و کاریگەرە لە خوڵقاندنی پاڵنەری جەماوەری (Mass Motivation)، نەتەوەیەکی بێ پاڵنەر بەرامبەر ستەمکاری و دوژمنکاریی بوەستێتەوە بۆ پارێزگاریکردن لە ئازادی، باوەڕ و ئایدۆلۆژیای خۆی، بەپێچەوانەوە، ئەو جەماوەرەی خاوەن پاڵنەرێکی بەهێزە، ملکەچی هیچ جۆرە هێزێک نابێت دەستبەرداری خەبات و فیداکارییەکەی بێت، لەبرئەوە ڕاگەیاندنی نوێ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بەهێزکردن و فرەوانکردنی هۆشیاری جەماوەر بەئاسایشی نەتەوەیی. (Hussain, Sultan, 2008, 4)، هەروەک پرۆسە دەروونییەکان بە چەکێکی بەهێز و کارا دادەنرێت بۆ ناچارکردنی دوژمن بە خۆبەستەوەدان و سازشکردن لە زۆرێک لە داواکاریەکانی(كافي, 2018, 239)

لێرەشدا، دەبێت باس لە گرنگی ڕاگەیاندنی جەنگی بکەین، کە بەشدارێکی سەرەکی و کاریگەرە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرس و ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی (سیاسی، ئابوری، ئاسایش و ڕۆشنبیری) تیشکخستنە سەریان لەڕێگەی بەرنامەگەلێک کە بە وردی بەرنامەی بۆ داڕێژرابێت و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کرابێت و بەشێوازێکی شارستانی و سەرنڕاکێش پێشکەش بکرێت، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بەشداربێت لە بەدیهێنانی ئاسایشی ن تەوەیی. (کافی، 2018، 241)

ئەم ڕۆڵەی ڕاگەیاندن هەستیار و مەترسیدارتر دەبێت لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێکخراو و ڕووداوە تیرۆریستییەکان، پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندن و تیرۆر پەیوەندییەکی بێ گرفت نیە، بەتایبەتی لەلایەنی وابەستەبوونی بە ئاسایشی نەتەوەیی و خزمەتکردن بە ئامانجە ستراتیژییەکانی تیرۆریستان, هەندێجار وەک پەیوەندیی نێوان دوو لایەن دەردەکەوێت، لایەنێک ڕووداو دروست دەکات و ئەوی دیکەش بازاڕگیری بۆ دەکات. (علي, 2016, 296)

دەگوترێ هێز و کاریگەریی تیرۆر لەسەر شێوازی ڕووماڵکردنی ڕووداوە تیرۆریستییەکان دەوەستێت، کە زۆرجار لەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش پێشکەش دەکات(Seib, 2007, 237)، بریان مایکل جێنکینز لە توێژینەوەیەکدا ( , 197550) پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە تیرۆریستان زۆر بە وریاییەوە نەخشەی هێرشەکانیان دادەڕێژن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لە هەمانکاتدا ڕاگەیاندنە هەواڵییەکان سەلماندویانە ناتوانن ئەو ڕووداوانە پشتگوێ بخەن، بەهۆی ئەوەی هۆکارێکی پڕکردنەوەی پێویستییەکانیانە. بەمەش ڕاگەیاندن دەبێتە هۆکارێکی بەهێزکردنی تیرۆر و ئامانجەکانی کە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەکرێت کە ببێتە مایەی گرنگیپێدانی ڕووماڵی ڕاگەیاندنەکان. (Ghetti, 2008, 489)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

هەریەک لە برۆنۆ فێری و دۆمەنیک رۆنەر (2006) لە زانكۆی زیورخ لە سویسرا، لە توێژینەوەیەكی هاوبەشدا بە ناونیشانی "خ وێن و حوبر، یاریی بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوان راگەیاندن و تیرۆریستان" باس لەوەدەكەن تیرۆریستان سودمەندن لەو پەیوەندییە، بەوەی پڕوپاگەندەی بەخۆڕاییان دەستدەكەوێ ، راگەیاندنیش لەڕووی داراییەوە سودمەند دەبێت، لەبەرئەوەی هەواڵ و راپۆرتەهەواڵی تایبەت بە تیرۆر و تاوان زۆرترین بینەر و بەكارهێنەری هەیە. ئەمەش وای لە ڕۆژنامەنووسێكی وەک دەیڤید برۆدەر، رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست كرد (2015) داوای ئەوە بكات كە رێگری بكرێت لە گەیشتنی تیرۆریستان بە راگەیاندن، لەبەرئەوەی رووماڵی كردە تیرۆریستییەكان و چاوپێكەوتن لەگەڵ تیرۆریستان وەک پاداشت و خەڵاتكردنیانە لەبەرامبەر كار و تاوانەكانیان(علي، 2016، 298)، كە دەرفەتی ئەوەیان پێدەدات لەگەڵ جەماوەر بدوێن و هۆكاری ئەنجامدانی كارە تیرۆریستییەكانیان روونبكەنەوە. (علي, 2016, 299)، ئەمەش لەڕوانگەی بریگیت ناكۆس بە "گریووەستی هاوسەرگیری" دەچوێنێت (Brigitte Nacos) لە چوارچێوە ی پەیوەندییەكی ئالۆزدا كە ئایا لەڕێگەی ئەم هەواڵانە هەوڵی باشتركردنی پێگەی خۆیان بدەن یاخود بیر لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی وڵات بدەن. (Cole, 2006,2)

نەبوونی پسپۆڕی و لاوازی باكگراوندی مەعریفی رۆژنامەنووسان لە ڕووماڵكردنی رووداوی توندوتیژی و تیرۆر، كاریگەری نەرێنی هەبوە لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان، وایكردوە رووماڵێكی رووكەش و هەندێجار هاندەری تیرۆر بێت و حوكمدانی پێشوەختە لەخۆبگرێت، رێگربووە لە تێگەیشتنی گوتاری راگەیاندنی گروپە تیرۆریستییەكان و سیستەمی كاركردن و مەرجەعە فیكرییەكانی، زۆربەی كات ئەو رووماڵكردنانە پەنا دەبەنەبەر بچووككردنەوە یان گەورەكردنی ئەو رووداوانە، ئەمەش كاریگەریی لەسەر راستگۆیی ئەو رووماڵكردنانە دروستكردوە. (علي, 2016, 300)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# بەشی سێیەم: لایەنی شیکاری توێژینەوە

## باسی یەکەم: ناساندنی نمونەی توێژینەوە:

### یەکەم: پێگەی ئەلیکترۆنی K24

بەگوێرەی پێگەی ئەلیکترۆنی کوردستان24 (www.kurdistan24.net)، پێگەکە بەشێکە لە ناوەندی K24 بۆ توێژینەوە و ڕاگەیاندن کە لەسەرەتاکانی ساڵی (2013) دامەزراوە و لە کۆتاییەکانی ساڵی (2015) دەستی بە پەخشی کەناڵی ئاسمانی K24 کردوە، جگە لەو پێگەیە، کەناڵی ئاسمانی K24، ڕادیۆی K24 و سەنتەری توێژینەوە و ڕاپرسی لەخۆیدەگرێت. پێگەکە بە زمانەکانی کوردی (سۆرانی-کرمانجی)، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی و فارسی ناوەڕۆکەکەی بڵاودەکاتەوە.

وەک لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24 هاتووە پەیامی ئەو ناوەندە بریتیە لە پەرەپیدانی بیری سەربەخۆیی کورد، بەهێزکردنی ئینتمای تاک بۆ نیشتمان، بڵاوکردنەوەی کلتوری لێبوردەیی و پێکەوەژیان و ژینگەپارێزی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان.

K24 لەچەندین شوێنی جیاواز نووسینگەی هەیە، لە شارەکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکوک) ، لەسەر ئاستی عێراقیش لە بەغدا، لە باکور و ڕۆژئاوای کوردستان، لە تورکیا (ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ). لە روسیا و چەند وڵاتێکی ئەورپی و پایتەختی ئەمریکاش نووسینگەی هەیە.[1]

### دووەم: پێگەی ئەلیکترۆنی خەندان

بەگوێرەی پێگەی ئەلیکترۆنی خەندان (www.xendan.org/)، پێگەکە بەشێکە لە دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن کە ساڵی (2004) لە شاری سلێمانی دامەزراوە، لە چوار بەشی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش (کوردی، عەرەبی، وەرزش و لایف)، پێگەکە لە ناساندنی خۆیدا نووسیویەتی " هەوڵدەدات بەشێوەیەکی پیشەییانە رووماڵی هەواڵ و بابەتە ناوخۆیی و جیهانییەکان بکات بۆ خوێنەرانی".[2]

---

[1] بروانە (دەربارەی ئێمە) لە پێگەی ئەلیکترۆنی k24 https://www.kurdistan24.net/

[2] بروانە (دەربارە) لە پێگەی ئەلیکترۆنی خەندان www.xendan.org/


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## باسی دووەم: خستنەڕووی ئەنجامی شیکردنەوەی ناوەڕۆک:

### خشتەی ژمارە (1)
### ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەواڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان

| پێگە ئەلیکترۆنییەکان / ڕەهەندەکان | K24 | | خەندان | | کۆی گشتی | | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| ڕەهەندی سەربازی | 231 | 33.5 | 330 | 49.8 | 561 | 36.1 | 1 |
| ڕەهەندی ئاسایش | 167 | 24.2 | 172 | 25.9 | 339 | 21.8 | 2 |
| ڕەهەندی سیاسی | 125 | 18.1 | 119 | 17.9 | 244 | 15.7 | 4 |
| ڕەهەندی ئابووری | 21 | 03 | 51 | 7.7 | 72 | 4.6 | 5 |
| ڕەهەندی مرۆیی | 144 | 20.9 | 190 | 30.5 | 334 | 21.5 | 3 |
| کۆی گشتی | 688 | 100 | 862 | 100 | 1550 | 100 | |

خشتەی ژمارە (1) ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ڕوندەکاتەوە لە هەواڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە ڕووماڵی جەنگی دژی داعش، بەگوێرەی خشتەکە، هەواڵی پرۆسە سەربازیەکانی دژ بە داعش زۆرترین پانتایی لە ڕووماڵی جەنگی دژی داعش گرتووە و لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (36.19)، پێگەی ئەلیکترۆنی خەندان لەڕووماڵی پرۆسە سەربازییەکان بەڕێژەی (49.84) لەپێشەوەی پێگەی ئەلیکترۆنی(K24) دێت بەڕێژەی (33.57).

بە جیاوازیەکی کەمیش لە پلەی دووەم و سێیەم، هەریەک لە ڕەهەندەکانی ئاسایش و مرۆیی دێن بەڕێژەی (21.87) و (21.54)، ئەوەی تێبینی دەکرێ، خەندان بایەخێکی زیاتری بە ڕەهەندە مرۆییەکە داوە بە ڕێژەی (30.54) بە بەراورد لەگەڵ ڕەهەندی ئاسایش بە ڕێژەی (25.98)، بە پێچەوانەوە لە (k24) ڕەهەندی ئاسایش بایەخێکی ڕێژەیی زیاتری پێدراوە بە ڕێژەی (24.27) بە بەراورد لەگەڵ ڕەهەندی بە ڕێژەی (20.93).

ڕەهەندی سیاسی و ئابووری لە پلەکانی چوارەم و پێنجەم دێن بەڕێژەی (15.74) و (4.64)، پێگەی (k24) لە گرنگیدان بە ڕەهەندی سیاسییدا بە ڕێژەی (18.16) لە پێش پێگەی خەندانەوە دێت بە ڕێژەی (17.97)، لە کاتێکدا خەندان زیاتر گرنگی بە ڕەهەندە ئابوویەکە داوە بە ڕێژەی (7.7)، بە بەراورد لەگەڵ پێگەی (k24) بە بەڕێژەی (03.05).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## خشتەی ژمارە (2)
## بابەتە ئەمنییەکان لە هەواڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان

| پێگە ئەلیکترۆنییەکان / بابەتەکان | K24 | | خەندان | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| تەقینەوە و هێرشی تیرۆریستی | 109 | 50.4 | 146 | 47.8 | 255 | 48.9 | 1 |
| ڕاوەدونانی تیرۆریستان | 82 | 37.9 | 106 | 34.7 | 188 | 36 | 2 |
| چوونە نێو داعش | 22 | 10.1 | 36 | 11.8 | 58 | 3.8 | 3 |
| پێشێلکاری دژی مافی مرۆڤ | 3 | 1.38 | 17 | 5.57 | 20 | 1.5 | 4 |
| کۆی گشتی | 216 | 100 | 305 | 100 | 521 | 100 | |

لەم خشتەیەدا ئاستی گرنگیپێدانی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو بە بابەتە ئەمنییەکان، کە تیایدا هەواڵی تەقینەوە و هێرشە تیرۆریستییەکان لە پلەی یەکەم دین بە ڕێژەی (48.94%)، ڕاوەدوونانی تیرۆریستان و دەستگیرکردن و کوژرانیان بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (36.08%)، هەواڵی پەیوەندییکردن بە داعش لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (3.83%)، لە پلەی چوارەمیش ئەو هەواڵانە دێن کە پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش بە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە بەرامبەر ئاوارەکان تۆمەتبار دەکات بە ڕێژەی (1.53%).

پێگەی ئەلیکترۆنی خەندان لە گرنگیدان بەو بابەتانە لە پێشەوەی پێگەی ئەلیکترۆنی (k24) دێت، لە گواستنەوەی هەواڵی تەقینەوە و هێرشە تیرۆریستییەکان بە ڕێژەی (47.86%) لە پێش (k24) دێت، بە هەمان شێوە خەندان زیاتر لە (k24) بایەخی بە کوژران و دەستگیرکردنی تیرۆریستان داوە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە بە ڕێژەی (34.75%).
لەو ماوەیەی توێژینەوەکە وەریگرتووە، داعش ژمارەیەکی زۆری تەقینەوە و هێرشی تیرۆریستی چ لە سەر ئاستی نێوەخۆی هەرێمی کوردستان و عێراق یان لەسەر ئاستی وڵاتانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ئەنجامدا، دیارترینی ئەو هێرشانە، تەقینەوەکەی کەڕ ڕادەی شاری بەغدا و هێرشەکەی سەر فڕۆکەخانەی ئەتاتورک لە ئیستانبۆڵ و کەرکوک بوو، خەندان لە هەردوو ئاستی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە ڕۆژانە ڕووبەرێکی زۆری بۆ ئەو هەواڵانە تەرخان کردبوو، چ لەڕووی ژمارەی هەواڵەوە، چ لەڕووی ئامەدەکردنی هەواڵ بە پشتبەستن بە هەواڵنووس و پەیامنێرەکانی یان سوود وەرگرتن لە زۆرترین ئاژانس و دەزگای ڕاگەیاندن وەک سەرچاوەی زانیاری.

ڕاوەدوونانی هێزەکانی ئاسایش بۆ ئەندام و شانە نووستووەکانی داعش لە نێو شارەکان بە تایبەتی دوای ئەو تەقینەوە و هێرشە تیرۆریستییانەی ئاماژەمان پێیانکرد زیاتر دەبوون، بۆیە زۆربەی کات ئەم دوو جۆرە هەواڵە هاوکات یان بەدوای یەکدا دەهاتن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لە بەرامبەردا نموونەی توێژینەوە بایەخێکی کەمی داوە بە هەواڵی پەیوەندییکردنی ئەندامی تازە بە داعشەوە، بەتیبەتی چوونی ژمارەیەک لە گەنجان لە هەرێمی کوردستان بۆ نێو رێکخراوەکە(زۆربەی ئەو هەواڵانە پەیوەست بوون بە چوونی گەنجان لە وولاتانی خۆرئاوا بۆ نێو داعش لە سوریا)، ئەمەش لە ڕوویێکەوە، دەکرێ بە خاڵێکی ئەرێنی لە قەڵەم بدرێت، بەو پێیەی زیادەڕۆییکردن لە گواستنەوەی ئەمجۆرە هەواڵانە، داعش وەک رێکخراوێک دەردەخات کە رۆژ بە رۆژ گەورە دەبێت و گەشە دەکات، بەمەش ئەو پێگە ئەلیکترۆنییانە دەبن بە سەکۆیەک بۆ پروپاگەندە کردن بۆ داعش و گەورەکردنی، لەپاڵ هاندان ورێنوێنی کردنی خەڵکانی دیکە بۆ هەمان کار.

ئەو پێشێلکارییانەی کە وەک تۆمەتێک لەلایەن هەندێ رێکخراوی نودەوڵەتی بواری مافی مرۆڤ وەک هیومان ڕایتس و لێبوردنی نێودەوڵەتی ئاڕاستەی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی هەرێم دەکران کەمترین هەواڵیان لەبارەوە بڵاوراوەتەوە، بەتایبەتی (k24) کە تەنها سێ هەواڵی لەوبارەوە لە ماهوەی توێژینەوە بڵاوکردۆتەوە، هەرچی خەندانە زێدەباری بایەخدانی زیاتر بەو لایەنە، لەگەڵ ئەوەش بایەخیداوە بە هەڵوێست و وەڵامدانەوەی حکومەتی هەرێم و دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانی هەرێم بۆ ئەو ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییانەی لەوبارەوە بڵاودەکرانەوە.
ئەو ژمارە کەمەی هەواڵ کە لەو بارەوە بڵاوکراونەتەوە، دەکرێ وەک ئاماژەیەک وەربگێرێ بۆ درککردنی رۆژنامەنووسانی هەردوو پێگە ئەلیکترۆنییەکە بۆ هەستیاریی ئەو بابەتانەی خاڵی لاوازی هێزی پێشمەرگە و ئاسایش زەقدەکەنەوە، یان لانیکەم زیان بەو وێنە هزریە ئەرێنییە دەگەیەنن کە بە درێژایی جەنگی دژ بە داعش کار لە سەر دروستکردنی کراوە لە گوتاری سیاسیی دەسەڵاتداران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**خشتەی ژمارە (3)**

**بابەتە سیاسییەکان لە هەواڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان**

| پێگە ئەلیکترۆنییەکان / بابەتەکان | K24 | | خەندان | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژی داعش | 120 | 34.5 | 116 | 33.1 | 236 | 33.8 | 1 |
| پەیوەندیی هەولێر و بەغدا | 48 | 13.8 | 55 | 15.7 | 103 | 14.7 | 3 |
| ناکۆکییە ناوەخۆییەکانی هەرێم | 32 | 9.2 | 31 | 8.8 | 63 | 9 | 4 |
| شەڕی هەژموون | 52 | 14.9 | 76 | 21.7 | 128 | 18.3 | 2 |
| کەمینە و پێکهاتەکان | 59 | 17 | 44 | 12.5 | 103 | 14.7 | 3 |
| هەڕەشەکانی دوای داعش | 36 | 10.3 | 28 | 8 | 64 | 9.1 | 5 |
| کۆی گشتی | 347 | 100 | 350 | 100 | 697 | 100 | |

لەم خشتەیەدا ڕادەی بایەخپێدانی نموونەی توێژینەوە بە بابەتەکانی ڕەهەندی سیاسی پیشان دەدات، هەواڵی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژی داعش لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (33.85%)، لە پلەی دووەم شەڕی هەژموون و بەرژەوەندی نێوان وڵاتان و هێزە نێوەخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییە بەشدارەکان دێت لە جەنگی دژ بە داعش بە ڕێژەی (18.36%)، دوای ئەویش پەیوەندیی هەولێر و بەغدا و ڕەنگدانەوەی بەسەر جەنگەکە دێت بە ڕێژەی (14.77%)، بە هەمان ڕێژە هەواڵی کەمینە و پێکهاتەکان دێت، ناکۆکیە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان لە پلەی پێنجەم دێت بە ڕێژەی (9.03%)، لە دوا پلەشدا ئەو هەواڵانە دێن کە پێشبینی ئەو هەڕەشانە دەکەن، ئەگەری هەیە دوای کۆتاییهاتنی داعش سەرهەڵبدەن، بە ڕێژەی (9.18%).

هەردوو پێگە ئەلیکترۆنییەکە، بەڕێژەیەکی نزیک لە یەکتر، گرنگییانداوە بە هەواڵەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژی داعش و ئەو ناکۆکی و ململانێ سیاسییەی لە هەرێمی کوردستان هەبوو، پێگەی ئەلیکترۆنی (K24) زیاتر گرنگیداوە بە گواستنەوەی هەواڵی کەمینە و پوویکهاتەکان و جەختکردنەوە لەس ر مافەکانیان یان ئەو پێشێلکارییەی بەرامبەریان دەکرێت، هەروەک زیاتر لە خەندان بایەخیداوە بە سروشتی ئەو هەڕەشانەی ڕەنگە دوای داعش بەرۆکی هەرێمی کوردستان بگرن، لە بەرامبەردا خەندان پانتایی زیاتری تەرخانکردوە بۆ ئەو هەواڵانەی دەچنە خانەی شەڕی هەژموونی نێوان لایەن و وڵاتە بەشدارەکان لە شەڕی دژ بە داعش لە عێراق و سوریا و هەوڵەکانییان بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان یان فرەوانکردنی، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە هەوڵی تورکیا هەبوو بۆ ڕۆڵ بینین و هەژموونخوازی لەو دوو وڵاتە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## خشتەی ژمارە (4)
## بابەتە مرۆییەکان لە هەواڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان

| پێگە ئەلیکترۆنییەکان / بابەتەکان | K24 | | خەندان | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| ئاوارە و هاوڵاتیی سڤیل | 131 | 65.5 | 176 | 69.84 | 307 | 67.92 | 1 |
| جینۆسایدی ئێزیدییەکان | 17 | 8.5 | 11 | 4.36 | 28 | 6.19 | 4 |
| بازرگانی بە ئافرەتانی ئێزیدی | 11 | 5.5 | 8 | 3.17 | 19 | 4.2 | 5 |
| یارمەتیە نێودەوڵەتییەکان | 32 | 16 | 28 | 11.11 | 60 | 13.27 | 2 |
| دۆخی خانەوادەی پێشمەرگە | 9 | 4.5 | 29 | 11.5 | 38 | 8.4 | 3 |
| کۆی گشتی | 200 | 100 | 252 | 100 | 452 | 100 | |

لەم خشتەیەدا، ئاستی گرنگیدانی دوو پێگەکە بە بابەتە مرۆییەکان لە جهنگی دژی داعش دەخاتەڕوو، لە پلەی یەکەم هەواڵی ئاوارەکان و هاوڵاتییانی سڤیل دێت، کە بوونەتە قوربانی پەلامار و تەقینەوە تیرۆریستییەکان بە ڕێژەی (67.92)، وەک بابەتێکی پەیوەست بەوەش، یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان لە پلەی دووەمدایە بە ڕێژەی (13.27)، دۆخ و بژێوی خانەوادەی شەهیدانی پێشمەرگە لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (8.4)،لە پلەی چوارەمیش بە ڕێژەی (8.4) جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، لە دوا پلەش بازرگانیکردن بە ئافرەتە ئێزیدییەکان دێت بە ڕێژەی (4.2).

پێگەی (K24) بە بەراورد لەگەڵ پێگەی خەندان، بایەخی زیاتری داوە بە هەواڵی یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان بە ڕێژەی (16%)، جینۆسایدی ئێزیدییەکان بە ڕێژەی (8.5) و بازرگانیکردن بە ئافرەتە ئێزیدییەکان بە ڕێژەی (5.5). لە بەرامبەردا خەندان پانتایی زیاتری تەرخانکردوە لە (K24) بۆ هەواڵی ئاوارەکان و هاوڵاتییانی سڤیل و هەروەها بەرز ڕاگرتنی شەهیدانی پێشمەرگە و زەقکردنەوەی دۆخی ناهەمواری خانەوادەکانیان بە ڕێژەی (65.5) و (11.5) لە دوای یەک.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## خشتەی ژمارە (5)
## هەواڵی پێشمەرگە لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان

| هەواڵ / پێگە ئەلیکترۆنییەکان | K24 | | خەندان | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| سەرکەوتنی پێشمەرگە | 73 | 25.3 | 131 | 29.3 | 204 | 27.7 | 3 |
| تێکشکاندنی پەلاماری داعش | 54 | 18.7 | 68 | 15.2 | 122 | 16.6 | 2 |
| دروستکردنی وێنەیەکی هزری ئەرێنی | 150 | 52 | 231 | 51.7 | 381 | 51.9 | 1 |
| دەرخستنی خاڵی لاوازیی پێشمەرگە | 8 | 2.7 | 15 | 3.3 | 23 | 3.1 | 4 |
| کۆی گشتی | 288 | 100 | 446 | 100 | 734 | 100 | |

لەم خشتەیەدا ڕادەی بایەخ و سروشتی هەواڵەکانی پێشمەرگە لە پێگەکانی (k24) و (خەندان) دەردەخات، بەجۆرێک ئەو هەواڵانەی کار لەسەر دروستکردنی وێنەیەکی هزری ئەرێنی دەکەن لەبارەی پێشمەرگە، لە پلەی یەکەم دێن بە ڕێژەی (51.9)، لە پلەی دووەم بە ڕێژەی (27.79) هەواڵی بڵاوکردنەوەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە دێت لە بەرەکانی جەنگی دژ بە داعش، بەرەنگاربونەوەی پێشمەرگە بۆ هێرش و پەلامارە بەردەوامەکانی داعش لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (16.62)، لە پلەی چوارەم ئەو هەواڵانە دێن کە خاڵە لاوازەکانی پێشمەرگە دەردەخەن بە ڕێژەی (3.13).

پێگەی ئەلیکترۆنی خەندان لە پێگەی (k24) زیاتر کاری لەسەر دروستکردنی وێنەیەکی ئەرێنی بۆ پێشمەرگە کردوە بە ڕێژەی (51.79)، زیاتریش هەواڵی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی گواستۆتەوە بە ڕێژەی (29.37) و لە هەواڵی بەرە نگاربونەوەی داعش لەلایەن پێشمەرگە لە پێشەوەی پێگەی (k24) دێت بە ڕێژەی (15.24)، هەروەک لە دەرخستنی خاڵە لاوازەکانی پێشمەرگەش خەندان هەواڵی زیاتری لەوبارەوە بڵاوکردۆتەوە بە ڕێژەی (3.36).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## خشتەی ژمارە (6)
## هەڵمەتی پاڵپشتی لە هێزی پێشمەرگە لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان

| پێگە ئەلیکترۆنییەکان / هەڵمەتی پاڵپشتی | K24 | | خەندان | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| دەرخستنی متمانە بە پێشمەرگە | 32 | 16.5 | 73 | 19.8 | 105 | 18.7 | 4 |
| پێداگری لەسەر بەها نیشتمانییەکان | 50 | 25.9 | 97 | 26.3 | 147 | 26.2 | 2 |
| بەهێزکردنی گیانی خۆراگری | 67 | 34.7 | 88 | 23.9 | 155 | 27.6 | 1 |
| چوونی خۆبەخش بۆ ریزی پێشمەرگە | 16 | 8.29 | 15 | 4.07 | 31 | 5.52 | 5 |
| دەرخستنی شوناسی نەتەوەیی | 27 | 13.9 | 95 | 25.8 | 122 | 21.7 | 3 |
| کۆی گشتی | 193 | 100 | 368 | 100 | 561 | 100 | |

لە خشتەی ژمارە (6) هەڵمەتی پاڵپشتی پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەردەکەوێت لە هێزی پێشمەرگە، ، لە پلەی یەکەم، ئەو هەواڵانە دێن کە کار لەسەر بەهێزکردنی گیانی خۆراگری دەکەن دژی تیرۆریستان بە ڕێژەی (27.62)، لە پلەی دووەم ئەو هەواڵانە دێن کە جەخت دەکەنەوە لەسەر بەها نیشتمانییەکان وەک دڵسوزی و خۆشەویستیی نیشتمان و یەکگرتوویی..هتد بە ڕێژەی (26.2)، ئەو هەواڵانەی کە شوناسی نەتەوەیی بەرجەستە دەکەن و ڕایەڵی نەتەوەیی لە نێوان هەر چوار پارچە دروست دەکەن لە دژی تیرۆر و داعش بە پلەی سێیەم دێن بە ڕێژەی (21.74)، لە پلەی چوارەم، بە ڕێژەی (18.71) ئەو هەواڵانە دێن کە ئاستی متمانەی خەڵک بە پێشمەرگە دەردەخەن، چوونی خۆبەخش بۆ ریزەکانی پێشمەرگە، لە پلەی پێنجەم دێت بە ڕێژەی (5.52).

خەندان لە ڕووی ژمارەی ئەو هەواڵانەی لهبارەی ئەو بابەتانە بڵاوی کردۆتەوە لە پێشەوەی پێگەی ئەلیکترۆنی (k24) دێت، بەهێزکردنی گیانی خۆراگری بە ڕێژەی (23.91)، پێداگری لەسەر بەها نیشتمانییەکان بە ڕێژەی (26.35)، دەرخستنی شوناسی نەتەوەیی بە ڕێژەی (25.81)، دەرخستنی ئاستی متمانەی خەڵک بە پێشمەرگە بە ڕێژەی (19.83)، لە بەرامبەردا، لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تایبەت بە چوونی خۆبەخش بۆ ریزەکانی پێشمەرگە (k24) لە پێشەنگ دێت بە ڕێژەی (8.29).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**خشتەی ژمارە (7)**

**جۆری کاردانەوەی پێگە ئلیکترۆنییەکان لە ئاست پروپاگەندەکانی داعش**

| پێگە ئەلیکترۆنییەکان / جۆر | K24 | | خەندان | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| ڕەتکردنەوەی پروپاگەندەی داعش | 16 | 11.1 | 7 | 3.1 | 23 | 6.2 | 4 |
| دەرخستنی خاڵە لاوازەکانی داعش | 52 | 36.1 | 76 | 33.9 | 128 | 34.7 | 2 |
| گواستنەوەی پروپاگەندەی داعش وەک خۆی | 13 | 9 | 49 | 21.8 | 62 | 16.8 | 3 |
| فەرامۆشکردنی پروپاگەندەی داعش | 63 | 43.7 | 92 | 41.0 | 155 | 42.1 | 1 |
| کۆی گشتی | 144 | 100 | 224 | 100 | 368 | 100 | |

ئەم خشتەیە، شێوازی مامەڵەکردن و وەڵامدانەوەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان دەردەخات بۆ ئەو پڕوپاگەندانەی داعش لە پێگە ئەلیکترۆنیی و ئەژمارەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویان دەکردەوە، لە پلەی یەکەم بە ڕێژەی (42.11%)، هەردوو پێگە ئەلیکترۆنییەکە هەوڵییانداوە پروپاگەندەکانی داعش فەرامۆش بکەن، بە تایبەتی لەکاتی گواستنەوەی هەواڵی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە یاخود بەرەنگاربونەوەی بۆ پەلامارەکانی داعش، لە پلەی دووەم بە ڕێژەی (34.78)، نموونەی تویژینەوە هەوڵیداوە تیشک بخاتە سەر خاڵە لاوازەکانی داعش، بە تایبەتی لەکاتی فرەوانبوونی پڕۆسە سەربازییەکان بۆ ئازادکردنی شارەکان لەژێر دەستی ئەو ڕێکخراوە، گواستنەوەی پڕوپاگەندەکانی داعش وەک خۆی لەلایەن نموونەی توێژینەوە بە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (16.8%)، لە دوا پلەشدا، ئەو هەواڵانە دێن کە جۆرێک لە ڕەتکردنەوەی پروپاگەندەی داعشیان لە خۆگرتبوو بە ڕێژەی (6.25).

ئەوەی تێبینی دەکرێ لە ئەنجامەکان، پێگەی ئەلیکترۆنی خەندان لە هەردوو بابەتی دەرخستنی خاڵە لاوازەکانی داعش و گواستنەوەی پڕوپاگەندەکانی داعش وەک خۆی زۆرترین بابەتی بڵاوکردیتەوە بە ڕێژەی (33.92%) و (21.87%) لە دوای یەک، ئەم دوو ئەرکەش لە ڕووی سروشت و ئاڕاستەوە، تەواو دژ و پێچەوانەی یەکترن، بەو مانایەی پێگەیەکی هەواڵی کارا بێت لە زەقکردنەوەی خاڵی لاوازی داعش، لە هەمان کاتدا کارا بێت لە گواستنەوەی زۆرێک لەو پڕوپاگەندانەی داعش بڵاوی دەکردنەوە وەک خۆی، لە بەرامبەردا پێگەی ئەلیکترۆنی (K24) زیاتر کاری لەسەر ڕەتکردنەوەی پڕوپاگەندەکانی داعش کردوە و ناڕاستی ئەو زانیارییانەی دەرخستوە کە داعش بڵاوی دەکردنەوە بۆ شاردنەوەی بەشێک لە شکستەکانیان لە بەرەکانی جەنگدا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**خشتەی ژمارە (8)**

**ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژ بە داعش لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان**

| پێگە ئەلیکترۆنییەکان / ئۆپەراسیۆن | K24 | | خەندان | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| دەستکەوتی سەربازی داعش | 35 | 5.7 | 65 | 8.8 | 100 | 7.4 | 5 |
| ڕزگارکردنی شارەکان لەدەستی داعش | 227 | 37.0 | 254 | 34.6 | 481 | 35.7 | 1 |
| تێکشاندنی پەلامارەکانی داعش | 83 | 13.5 | 42 | 5.7 | 125 | 9.2 | 4 |
| بۆردومانی ئاسمانی هاوپەیمانان | 148 | 24.1 | 162 | 22.0 | 310 | 23.0 | 3 |
| زیانەکانی داعش | 120 | 19.5 | 211 | 28.7 | 331 | 24.5 | 2 |
| کۆی گشتی | 613 | 100 | 734 | 100 | 1347 | 100 | |

لەم خشتەیەدا، سروشتی ئەو جموجۆڵ و ئۆپەراسیۆنە سەربازیانە دەردەخات کە لە ژدی داعش ئەنجامدراون، هەواڵی ڕزگارکردنی شارەکان لە دەستی داعش پشکی شێری بەرکەوتوە لە ڕووماڵی نموونەی توێژینەوە لە جەنگی دژ بە داعش بە ڕێژەی (%35.7)، لە پلەی دووەم، گرنگیدانی نموونەی توێژینەوە دێت بە زەقکردنەوەی زیانەکانی داعش بە ڕێژەی (%24.57)، کە مەبەست لێی کوژران و بەدیلگرتنی چەکدارانی ڕێکخراوەکە و لە دەستدانی خاک و تێکشکاندنی چەک و کەرەستە سەربازیەکانە، بە ڕێژەی (%23.01) بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان لە پلەی سێیەم دێت، کە فاکتەرێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوە بوو لە تێکشکاندن و لاوازکردنی داعش بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی چەکدارامی داعش بەو هۆیەوە کوژراون یان تێکشاندنی ئەو هێرشە خۆکوژیانەی لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراو دەکرایە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق، هەواڵەکانی تێکشاندنی پەلامارەکانی داعش لە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (%9.27)، لە دوا پلەشدا، هەواڵی دەستکەوتی سەربازی داعش دێت بە ڕێژەی (%7.42) کە یەکێک بوو لە خاڵە لاوازەکانی ڕووماڵی نموونەی توێژینەوە بۆ جەنگی دژی داعش، ئەو هەواڵانە بە هەر مەبەستێک بڵاوکرابێتەوە، خزمەتی داعش و پڕوپاگەندەکانی دەکرد و وێنەیەکی هزری ئەرێنی لەبارەی ئەفسانە و ئازایەتی داعش لە مێشکی وەرگرەکاندا دروستدەکرد.

لەسەر ئاستی بەراوردکاریشدا، ئەوەی بەدیدەکرێ، پێگەی ئەلیکترۆنی (K24) لە خەندان زیاتر گرنگیداوە بە گواستنەوەی هەواڵی ڕزگاریکردنی شارەکان لە دەستی داعش بە ڕێژەی (%37.03)، هەروەک زیاتر بایەخیداوە بە هەواڵی بۆردومانی ئاسمانی هاوپەیمانان بە ڕێژەی (%24.14)، زیاتر لە خەندان ڕووماڵی تێکشکاندنی پەلامارەکانی داعشیان کردوە بە ڕێژەی (%13.53)، لە بەرامبەردا، بایەخپێدانی زیاتری خەندان بۆ دەرخستنی زیانەکانی داعش چووە بە ڕێژەی (%)، هەروەک لە (K24) زیاتر هەواڵی گواستۆتەوە لەبارەی سەرکەوتن و جموجۆڵە سەربازیەکانی داعش بە ڕێژەی (%8.85).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## خشتەی ژمارە (9)
## سەرچاوەکانی هەواڵ لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان

| پێگە ئەلیکترۆنییەکان / سەرچاوەکانی هەواڵ | K24 | | خەندان | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| پەیامنێر و نووسەری هەواڵ | 135 | 18.4 | 209 | 17.6 | 344 | 17.9 | 1 |
| سەرچاوە ڕەسمیەکان | 102 | 13.9 | 171 | 14.4 | 273 | 14.2 | 3 |
| پارتە سیاسییەکان | 16 | 2.1 | 45 | 3.7 | 61 | 3.1 | 8 |
| ڕاگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵ | 103 | 14 | 174 | 14.6 | 277 | 14.4 | 4 |
| سەرچاوەی سەربازی و ئەمنی | 131 | 17.8 | 212 | 17.8 | 343 | 17.8 | 2 |
| سەرچاوەی نارەسمی سەربازی و ئەمنی | 49 | 6.6 | 139 | 8 | 58 | 3 | 7 |
| سەرچاوەکانی داعش | 9 | 1.2 | 44 | 3.7 | 53 | 2.7 | 10 |
| وێبسایت و سۆشیاڵ میدیا | 18 | 2.4 | 133 | 11.2 | 151 | 7.8 | 5 |
| ڕێکخراوی لۆکاڵی ونێودەوڵەتی | 24 | 3.2 | 34 | 2.8 | 58 | 3 | 7 |
| سەرچاوەی نادیار | 10 | 1.3 | 16 | 1.3 | 26 | 1.3 | 11 |
| شایەتحاڵ و قوربانی | 27 | 3.6 | 42 | 3.5 | 69 | 3.5 | 9 |
| ئاماژەنەکردن بەسەرچاوە | 109 | 14.8 | 10 | 0.8 | 119 | 6.2 | 6 |
| کۆی گشتی | 733 | 100 | 1185 | 100 | 1918 | 100 | |

ئەم خشتەیە سەرچاوەکانی هەواڵ دەردەخات لە نموونەی توێژینەوە، بە پلەی یەکەم نموونەی توێژینەوەی پشتی بەستووە بە پەیامنێر و نووسەری هەواڵ لە وەرگرتنی زانیاری و ئامادەکردنی هەواڵەکان بە ڕێژەی (17.93%)، لە پلەی دووەم، پشتبەستن بە سەرچاوە سەربازی و ئەمنییە ڕەسمییەکان دێت بە ڕێژەی (17.88%)، وەرگرتنی هەواڵ لە ئاژانسەکانی هەواڵ و دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندن لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی (14.44%)، بەرپرسانی حکومی لە پلەی چوارەمی سەرچاوەی زانیاری نموونەی توێژینەوە دێن بە ڕێژەی (14.23)، وێبسایتەکان و سۆشیاڵ میدیا لە پلەی پێنجەم دێت بە ڕێژەی (7.87).

ئەوەی تێبینی دەکرێ لە پلەکانی (6)، (7)، (10) و (11) چەند جۆرێک لە سەرچاوە دەبینین کە کە دەچنە خانەی سەرچاوەی زانیاری لاواز یان زیانبەخش کە کاریگەریی لەسەر میسداقیەتی پێگە ئەلیکترۆنییەکە و متمانەی خوێنەر


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

دەکات بە ناوەڕۆکی ئەو پێگە ئەلیکترۆنییانە، لەوانە: ئاماژە نەکردن بە سەرچاوە بە رێژەی (6.2%)، سەرچاوە سەربازیە ناڕەسمییەکان بە رێژەی (3.02)، سەرچاوەکانی داعش بە رێژەی (2.76%)، سەرچاوەی نادیار بە رێژەی (1.35%).

بە شێوەیەکی گشتی هەردوو پێگە ئەلیکترۆنییەکە بە رێژەیەکی نزیک لە یەک پشتیان بەستوە ڕاگەیاندن و ئاژانسەکانی هەواڵ و سەرچاوە سەربازی و ئەمنیە ڕەسمیەکان. لەسەر ئاستی بەراوردکاریدا، پێگەی ئەلیکترۆنی (K24) لە پێگەی ئەلیکترۆنی خەندان زیاتر پشتی بەستوە بە پەیامنێر و هەواڵنووسەکانی لە دەستخستنی زانیاری و ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵدا بە رێژەی (18.41%) ، هەروەک زیاتر ئاماژەنەکردن بەسەرچاوە لە هەواڵەکانی پێگەی (k24) دووبارە بۆتەوە بە رێژەی (14.87%)، سەرچاوەی نادیار زیاتر لە هەواڵەکانی (k24) دووبارە بویتەوە بە رێژەی (1.36%)، لە بەرامبەردا، پێگەی خەندان زیاتر لە پێگەی ئەلیکترۆنی (K24) پشتی بەستوە بە سەرچاوە ڕەسمیەکان بە رێژەی (14.43%)، سوود وەرگرتن لە وێبسایت و سۆشیاڵ میدیا وەک سەرچاوەی زانیاری بە رێژەی (11.22%)، بەکارهێنانی سەرچاوە سەربازی و ئەمنیە ناڕەسمیەکان بە رێژەی (8.01%).

### خشتەی ژمارە (10)
### ئاڕاستەی نموونەی توێژینەوە لە بەرامبەر داعش ڕوندەکاتەوە

| پێگەی ئەلیکترۆنیی / ئاڕاستە | K24 | | خەندان | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| دژ | 447 | 97.59 | 472 | 94.77 | 919 | 96.12 | 1 |
| هاوسەنگ | 3 | 0.65 | 15 | 3.01 | 18 | 1.88 | 3 |
| لایەنگر | 8 | 1.74 | 11 | 2.2 | 19 | 1.98 | 2 |
| کۆی گشتی | 458 | 100 | 498 | 100 | 956 | 100 | |

لەم خشتەیەدا، ئاڕاستەی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو لە بەرامبەر داعش، زۆربەی هەواڵەکانی رووماڵی هەردوو پێگە ئەلیکترۆنییەکە لە دژی داعش بووە بە رێژەی (96.12%)، لە پلەی دووەم، ئەو هەواڵانە دێن کە لایەنگری داعشن بە رێژەی (1.98%)، لە پلەی سێیەمیش، ئەو هەواڵانە دێن کە هاوسەنگن بە رێژەی (1.88%).

پێگەی ئەلیکترۆنی (K24) لە خەندان زیاتر هەواڵەکانی دژی داعش بووە بە رێژەی ()، لە بەرامبەردا، هەواڵەکانی خەندان لە ڕووماڵی جەنگی دژی داعش زیاتر لە (k24) هاوسەنگ یان لایەنگر بوونە بە رێژەی (3.01%) و (2.2%).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## دەرەنجامەکان:

**دوای خستنەڕووی ناوەڕۆکی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەردوو پێگە ئەلیکترۆنییەکە، توێژینەوەکە گەیشت:**

1- پێگە ئەلیکترۆنییەکانی نمونەی توێژینەوە گرنگییان بە ڕەهەندە سەرەکییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی داوە و لەوبارەوە هەواڵ و زانیارییان بڵاوکردۆتەوە.

2- ڕەهەندی سەربازیی و دوای ئەویش، ڕەهەندەکانی ئاسایش و مرۆیی زۆرترین پانتایی گرتوە لە رووماڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان، لە بەرامبەردا ڕەهەندی ئابووری کەمترین بایەخی پێدراوە.

3- پێگە ئەلیکترۆنییەکانی نمونەی توێژینەوە لە گرنگیدانییان بە ڕەهەندە سەربازیەکە، زۆرترین بابەتییان لە بارەی رۆڵی پێشمەرگە لە تێکشکاندنی داعش و بەشداریکردنی کارای لە شەڕی رزگارکردنی موسل تەرخانکردوە، دوای ئەویش هەواڵی ئۆپەراسیۆنی سوپای عێراق دێت لە ئازادکردنی شارەکە.

4- لە ڕەهەندی ئاسایشدا، زۆرترین بایەخپێدانی نمونەی توێژینەوە لە هەواڵی تەقینەوە و پەلامارە تیرۆریستییەکان رەنگیداوەتەوە، دوای ئەویش هەواڵی راوەدونانی تیرۆریستان لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش و دەستگیرکردن و کوژرانیان زۆرترین هەواڵ و بەدواداچونی هەواڵی لەبارەوە کراوە.

5- هەردوو پێگە ئەلیکترۆنییەکە ناکارابوون لە وەڵامدانەوە و ڕەتکردنەوەی ئەو پروپاگەندانەی داعش لە ڕێگەی سەکۆ ئەلیکترۆنییەکانیەوە دژی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بڵاویدەکردنەوە.

6- لە زۆربەی هەواڵەکانی نمونەی توێژینەوە، زانیارییەکان وەک خۆی لەبارەی داعشەوە بڵاوکراونەتەوە، بێ ئەوەی هەوڵی ئەوە بدات داعش بەکەم پیشان بدات یان ئایدۆلۆژیاکەی ڕەتبکاتەوە، بەڕێژەیەکی نزیک لەوە، ئەو بابەتانە دێن کار لەسەر بچووککردنەوە و بەکەم دەرخستنی داعش دەکات.

7- نمونەی توێژینەوە لە رووماڵی جەنگی دژی داعش بەشێوەیەکی بەرفرەوان پشتی بەستوە بە پەیامنێر و نووسەرەکانی هەواڵی خۆی، دوای ئەوە سەرچاوە فەرمییەکان و سەرچاوە سەربازی و ئەمنییە فەرمییەکان لە پێشەوەی سەرچاوەکانی هەواڵی ئەو پێگانە دێن. لەگەڵ ئەوەش بەڕێژەیەکی بەرچاو نمونەی توێژینەوە پشتی بە هەواڵی ئاژانسەکانی هەواڵ بەستوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# The Role of New Media in Rising Public Awareness of National Security in Iraqi Kurdistan Region During The War On ISIS

**Abdulkhalq Ibrahim Mustaffa**

Media Department, College of Art, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
E-mail: abdulkhalqebrahim@gmail.com

**Radwan Ali Khidhir**
Media Department, College of Art, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
E-mail: Radwan-ali@su.edu.iq

**Abstract**:

This study aims to explain the role and impact of news websites in Iraqi Kurdistan region in raising public awareness regarding the dimensions of national security and providing them with important information. In this study the method of content analysis is used to analyzing the news content in (Xendan) website and (K24) website during their coverage of the war on Islamic state. The most important finding in this study are: news websites concerned with different dimensions of national security and the military dimension has received more attention than other dimension.

**Keywords:** New Media, Audience, National Security, ISIS.

## سەرچاوەکان:


صادق حەمەغەریب حەمەصالح، "ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردی لە بەڕێوەبردنی قەیرانە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا- توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە لەماوەی نێوان (2011/1/1 – 2015/21/31) تێزێکی دکتۆرای بڵاونەکراوەیە (زانکۆی سەلاحەددین)2017.

کارزان محمد صابر،ڕۆڵی ڕۆژنامە لە چەسپاندنی هزری ئاسایشی نەتەوەیی، توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە بۆ سامپڵێک لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە، هەولێر (زانکۆی سەلاحەددین)2017.

هاوكار ياسين شريف، دور الصحف الكردية في تنمية الوعي الأمني لدى الجمهور، دراسة تحليلية ميدانية، راسلة ماجستير غير منشورة، (جامعة المنصورة)2015.

سارا محسن قادر، المعالجة الصحفية لقضية داعش في الصحافة الكردية و دورها في تشكيل اتجاهات الجمهور، اطروحة دكتوراه منشورة(جامعة الأسكندرية)2016

ايهاب خليفة، مجتمع ما بعد المعلومات، تأثير الثورة الصناعية الرابعة على الأمن القومي، دار العربي للنشر و التوزيع، المستقبل للأبحاث و الدراسات المتقدمة، القاهرة، 2019

الدكتور مصطفى يوسف كافي، العسكرتاريا و الأمن الوطنى و الأعلامي، دار الأبتكار للنشر و التوزيع، عمان, 2018

د.علي عباس مراد، الأمن و الأمن القومي مقاربات نظرية, ابن النديم للنشر و التوزيع- دار الروافد الثقافية- ناشرون، الجزائر، بيروت، 2017

Sundberg, A. S. (2016) Media coverage of the Islamic state and terrorism around the world, thesis (MA), Uppsala . University.

Woodard, C. T. (2017) From family to facebook to foreign fighter – the attraction of young adults to ISIS through societal relationships and social media, thesis (MA), Duke University.

Lynda Lee Kaid, L. L. Holtz-Bacha, C. (2007) Encyclopedia of Political Communication, California, London, New Delhi, Sage Publications, Inc

Hussain, N. Sultan, M. (2008) The Role of Media in National Security: A Case Study of 1998 Nuclear Explosions by Pakistan, London, South Asian Strategic Stability Institute

Jonathan Kirshner (2006) Globalization and National Security, New York And Oxon, Routledge

Headrick, D. R. (2000) When Information Came of Age: Technologies of Knowledge in the Age of Reason and Revolution, 1700–1850 (Oxford, New York: O xford University Press

Innis, H. (2008) The Bias Of Communication, Toronto Buffalo London, University Of Toronto Press

Thayer, B. A. (2000) The Political E ffects of Information Warfare: Why New Military Capabilities Cause Old Political Dangers, Security Studies 10(1): 43–85.

Cavelty, M. D. Victor Mauer, V. Krishna-Hensil, S. F. (2007) Power And Security In The Information Age, Hampshire nd Burlington,, Ashgate

Erbschloe, M. (2017) Social Media Warfare Equal Weapons for All,Boca Raton London New York, CRC Press

Walter B.(1997) The Twilight of Sovereignty: How the Information Revolution is Transforming Our World, Wriston, Replica Books

Seib, P. (2007) New Media and the New Middle East, New York, Palgrsve

Ghetti, M. W. (2008) The Terrorist Is A Star!: Regulating Media Coverage of Publicity-Seeking Crimes, Federal Communications Law Journal, Vol. 60, Issue 3, Pp. 481-534

Frey, B. S. Rohner, D. (2006) Blood and Ink! The Common-Interest-Game Between Terrorists and the Media, Center For Research in Economics, Management And The Arts

Cole, B. (2006) Conflict, Terrorism and the Media in Asia, London And New York, Routledge

Rafał Klepka, The role of media in informing and acting for the sake of national security https://www.researchgate.net/publication/330881190_The_role_of_media_in_informing_and_acting_for_the_sake_of_national_security

(www.kurdistan24.net)

(www.xendan.org)

Wikipedia: https://www.wikipedia.org/



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper25 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020